# لەناواخنی گەڵایەکدا
# بۆم ناردی

عادل عەلی

کێ فراندی ئەو حەزەی
لەماتماتیکی زەمەنی دابڕاندا
وێنەی نەبوو
تۆکەی دێیتەوە
بۆباوەشی شەرێکی ئاشتیانە
لێگەڕێ با رشانەوەی
مەلیکەکانی دوێنێ
مەخلوقەکانی ئەمڕۆ
نغرۆ نەکات
ئەوە دەستی ئەوان نەبوو
بۆ قوتاربوون کورتی هێنا
کەچی تازە دێیتەوە
مەیدانی جریدبازی
دڵە برینداڕەکان
بەچی دەچێت
دوای مردنی هاوارێك
بگەیتە باخچەکانی عەدەم
بەچی دەچێت
دوای شالاڵ بوونی
تاوانێك
ئایەتەکانی سورگوڵ
فەرامۆش بکرێ
بەچی دەچێت دوای دۆڕانی
زۆرانی پەپولەو قیژە

بگەڕێیتەوە سەر هەورەکان

دەوەرەوە باسەیری

دەلاقەی کۆتایی

بێ تۆییەك بکەین

کەنامان گەێنێتە

روحی یەقین

وەرە باسەیری گەڕانەوەی

یەقینێك بکەین

کە ناگاتە ئەو سەری دوو دڵی

ئیدی پرسیاری پەپولەیەکی

تۆڕاو مەکە

لەقوڵایی شەوەزەنگدا

هێشتا سەرگەرمی باوێشك دانە

سەرێك نایەتەوە لەسەر سەرینێك

تا هەنوکە

جارێك بەخەمی مەرگی تۆ

خەنی نەبوو

چاوەڕوانی ئەو

دەستانەم کە

هەرگیز درێژ نابن

بۆ ئەو پەڕی بەدگومانی

کێ لەپی ئەو گەڵایە

دەخوێنێتەوە لەپایزێکی

ئەو ساڵانەدا

بێ پاسپۆرت لەرێچکەی

نغرۆبونەوە پەڕییەوە

نیشتمانی جەستەی بریندارێك

کێ دێتەوە بۆ جوگرافیای

ئەوینی خەواڵوی من و تۆ

تۆو من لەخەوی

چەند ساڵەدا

دەگەینەوە بێ داری

ساڵانێ دێ

ئیدی ناگەینەوە

ماتماتیکی فەرامۆشی

شەڕێکی مایە پوچ

ئیدی ناگەینەوە

ماتماتیکی یەقینی فەرامۆشی

ئیدی ئیدی ... ...